# خوێندنەوەی چەند شیعرێکی

# سولەیمان ئەحمەد زادەو

# کتێبی درۆکانیش راستەقینەبوون

ئەحمەد چاك

(لە ئوستورەکانی ئیسـکاندینیاویدا هاتووە، کە رۆژێك ئۆدینی خودای خودایان لەرێگادا بەسەر ئەشکەوتی زانسـتدا دەکەوێ، بەڵام پارێزەری ئەشکەوتەکە ئیزنی نادا بڕواتـە ژووری، مەرجێکی بۆ دادەنێ، کە چاوێکی بدا بەو و کوێر بێ! جا ئەمجار بڕواتە ژووری. ئۆدین ئەم کارەی کرد، چاوێکی دانـاو ئەمجار لە ئاوی کانیەکەی خواردەوەو بوو بەخودای خودایان).

***کانی: دەروونی ناخود ئاگای مرۆڤە:**

***چاوی کوێر: چاوی سروشـتی مرۆڤەو دەریچەیەکە بۆ روانین:**

مرۆڤ بەچاوی کوێر دەتوانێ خۆی ببینێو بەچاوی سروشتی دونیای دەرەوەو شـیعریش پردێکە لەنێوان وشەکانی ئەم دوو چاوەدا. شیعر لە ناخودا ئاگای مرۆڤەوە سەرهەڵدەداو شتێك نییە لەپرۆسەیەکی تەواو ئاگایانەدا رووبدا. بە وتەی (یونگ) شـیعر دەبێ لەخاڵی نەبوونی قەتعییەتدا رووبدا. دیاردەکان بە زەین دەسـپێردرێنو لەئاکارێکی رەوانیدا شوێنە ونکەیان پێ دەکرێ، ئەمجار لەخاڵی نەبوونی قەتعییەتدا بەرهەمی شیعر روودەدا. بە وتەی (کانت) زەین وەکو جاڵجاڵۆکەیەك شتەکان پێوە دەکات، وردە وردە دەیانخواو دەیانگۆرێ. لە شـیعردا شـاعیر وشـەکان وەك دیاردەیەك دەبینێ. بە پێکەوە لکانی ئەم دوو خاڵەی سەرەوە ئێمە دەتوانین بەستێنێك بۆ کاری شاعیر دیاری بکەین.

***بەستینی رووداوەکان:**

***بەسـتینی ئەم وشانەی بوونەتە کەرەستەی هونەریو ئیتر ناتوانن ئەمراز بن.**

لە هەردوو شێوەدا شاعیر روانینێکی جیاوازی هەیە، جیهانی شـاعیر ئەزموونی بەرهەمەکانی خۆیەتی، ئەم ئەزموونانە ئەزموونێکن کە هەم بەشـێوەیەکی جوزئی ئاراسـتە دەکرێ، هەم دەتوانێ خۆی لەگەڵ تەئویلی خوێنەردا بەشـێوەیەکی گشـتی ئاراسـتەی خوێنەر بکا. فەلسەفەی وجودی شـاعیر لەپێناو جوێکردەوەو تەشەخوسـێکدایە، کە دەبێ لە دوو پانتاییدا قسـەی لەسەر بکرێ.

*شاعیر دەبێ زمانێك بەدی بێنێ کە لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی خەڵکی ئاسـاییدا تۆفیری هەبێ، لەئەمرازێك کەڵك وەربگرێ کە بتوانن ئەرکی گواسـتنەوەی زمانی لەبواری ئاساییەوە بۆ بواری ئەدەبی بەباشی وەئەستۆ بگرێ.

*شـاعیر دەبـێ لەهەڵبـژاردنو پێکەوەلکاندنی پاژەکانی زمانـی رۆژانەدا وردەکارییەکی زۆر بەخەرج بدا، هەتا بتوانێ بەرهەمی خۆی لەشـاعیرانی تر جوێ



بکاتـــەوە، بۆ ئەم کارەش دەبـــێ زانیارییەکی قووڵی لەهەمبەر مێژووی ئەدەبیاتو شێوازەکانی پێش خۆی هەبێ.

دەبینین کە شـــاعیر لەپانتایی یەکەمدا دەکەوێتە جەبرێکی حەتمییەوەو چارەیەکی جگە لە کەڵکوەرگرتن لەزمانی رۆژانەی خەڵکی نییە، بەڵام لەپانتایی دووهەمدا شاعیر لەکاری خۆیدا سەربەخۆیەو مافی پێکەوەلکاندنی پاژەکانی زمانی بۆ خۆی دەپارێزێ. بەســـەرنجدان بەو پێشەکییە دەچینە سەر شیعرەکانی شاعیر سولەیمان ئەحمەدزادە.

***هەست (ئیحساس عاتیفە):**

سەرەکیترین ماکەکانی شیعرییە، کە دەبێ ماکەکانی تر لەژێر ســـێبەری ئەودا بنو ئەرکی گواستنەوەی ئەم ماکەیـــان لەنووســـەرەوە بۆ بەردەنگ وەئەســـتۆبێ. عاتیفـــە رەنگدانەوەی دونیای شـــاعیرە، لەشـــیعردا هەڵوێستی شاعیر لەهەمبەر جیهانی دەرەوەدا بەجۆری وا نینو پەیوەندیی بە ئیدیۆلۆژی شـــاعیرەوە هەیە لە دوو تـــەوەرەی شـــوێنو کاتو بەیارمەتیـــی ناخوداگا خۆیادەبی. جۆری هەستی هەر شاعیرێك پەیوەندیی بە تەمێکەوە هەیە، کە خودی ئەم شاعیرە بەسەر شیعریدا دەســـەپێنێ. دوکتور شـــەفیعی کەدکەنی ئەم خودانە بەسەر سێ خاڵدا دابەشدەکا.

**خودی فەردیو تاکەکەسی:**

لێرەدا شـــاعیر تەنیا لەخەمـــی خۆیدایەو لەهەوڵی دووپاتـــی گرێیانەدایـــە، کە زەمانێـــك توانیویانە ببنە هاندانی هەستی شاعیر وەك زۆربەی شاعیرانی دەرباریو شاعیرانی شیعری غینایيو رۆمانتیك.

**خودی کۆمەڵایەتی:**

شـــاعیر لەگەڵ زۆربەی خەڵکـــی کۆمەڵگەی خۆی دەردی هاوبەشـــی هەیەو لەبازنەی ویستی تاکەکەسیی خـــۆی دێتـــە دەرێو دەبێتە زمانی ئەو کەســـانەی لە کاتو شوێنێکی دیاریکراودا ئاواتو ئامانجی هاوبەشیان هەیە، وەك زۆربەی شاعیرانی مەشرووتەی فارسیو ئەو شـــاعیرانەی لە دەوری ئاڵوگۆڕو شۆڕشـــێکی سیاسیدا دەژین.

ئـــەم خودە خۆی لە داڵغەی شـــوێنو کات دەرباز

دەکاو چارەنووســـی خۆی لەگەڵ چارەنووسی تەواوی مرۆڤەکانـــی جیهاندا گـــرێ دەدا، وەکو شـــاعیرانی فەیلەسوف خەیامو مەولەوی.

شـــیعرەکانی شـــاعیر لەدەفتەری یەکەمدا زیاتر وزەیان لەســـەر خودێکی کۆمەڵایەتییەو بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر دەبێتە هۆی بەدیهاتنی شیعری سیاسی، کە هەر کام لەو هەســـتانە دەتوانن لەشـــوێنی خۆیدا بەرهەمـــە هونەریەکەی بەپێز بکـــەن، کە لەدەفتەری یەکەمدا زیاتر خاڵی دووهەم لەبەرچاوە:

**ب گرین/ بگریـــن/ ئەی هەڤـــاڵان/ وڵاتەکەم بێ بارانە/ بەشم رۆژێك بێتە بەهار/ بێمە لات بۆ نەورۆزانە.**

لـــەم شـــیعرە تازانـــەی دیوانـــی دووهەمـــدا کە لەبەردەســـتی مندا بوون، ئەم خاڵـــە وەکو یەکەمین پێناسەی شـــیعری شاعیر دێتەگۆڕێ، بەڵام لەقاڵبێکی رەمزاوی‌و شاراوەدا.

**دەکەن/ ماچو/ چەندەئـــای/ گۆنای زەوین/ ئەم پەرەسێکە زامدارانەی/ هەڵیگرتوون/ یادی ئەوین.**

شـــیعر کە ئـــەم تەمـــەی خـــودی کۆمەڵایەتیی بەســـەرەوە بێ، زیاتر لە گەری فەوتان‌و تیاچووندایە، بەم هۆیەی ئەم شـــیعرانە لە کاتو ساتێکی دیاریکراوا هاتوونـــەدی، بـــە نەمانی ئەم هەلومەرجـــە ئەمجۆرە شـــیعرە ئیتر ناکەوێتە بەر رای زۆرینـــەی خەڵك، کە باشترین رەخنەگری شیعرن.

کاك سولەیمان بەخۆشییەوە لەدەفتەری دووهەمدا واتە (درۆکانیش راستەقینەبوون) خەریکە لە خودێکی فەلســـەفی‌و جیهانی نیزیك دەبێتەوە، کە لەداهاتوودا دەتوانێ سەرکەوتووتر بێ.

زۆربـــەی شـــیعرەکانی وزەیەکی هەســـتیارانەی زۆریان تێدایە، کە ئەوەش دەگەرێتەوە ســـەر شێوەی هەڵبژاردنی شـــاعیر، وشـــەگەلێکی وەك (باران، داڵ، زەوی، روســـووری، گریان، شیعری، هەور، داو، ژیان، گەڵا، با،.....)، ئەم وشانە وزەی عاتفییان زۆر بەرچاوە، کە بوونەتە یەکەم پێناسەی شیعر سیابەخت، کە زۆر بەباشی بەکارهاتوون‌و زمان دەتوانێ دووپاتکەرەوەی بەیان و هەستی دەروونی بێ.

**لەچاوەکانت هەواڵم مەپرســـە/ کە باوێشکی چرای شـــەقام و/ خەمی رێگـــەی دوور/ بۆ بێداری ئەم خەوە گەورە/ لایە لایەی زۆری بیستووە/ لەچاوەکانم هەواڵت مەپرسە.**

شیعر دیاردەیەکی ســـەربەخۆیە، کە دەبێ ژیانی هەبێ بێ ئەم ژیانە شتێکی مردووە.

*__وێنەی:__

ئیماژ هەوڵی هونەرمەندە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی شـــاراوەی نێوان دیـــاردەکان لەجیهانـــی دەرەوەدا. جەوهەری سەرەکیی شـــیعر ئیماژە، کە دەبێتە هۆی هەڵاواردنی ژانرەکانی ئەدەبی، وەك چیرۆك‌و رۆمان..

دیـــارە کـــە وێنـــەی شـــاعیرێك کەوتـــووە، کە تەســـویرەکەی خاوەنی بیرۆکەیەکی قوڵ‌و غینایەکی عاتیفی بێ.




خاڵی هاوبەشـــی مرۆڤی ئوستورەسازی کەوناراو شاعیر ئەوەیە، کە هەردووکیان لەناو سروشتدا دەژین‌و هەردووکیـــان لە بەخشـــینی روح بەدونیای دەرەوەدا هاوبەشـــن دەتوانین ئەمجـــۆرە جوانکارییە بەجۆرێك ئارکاییـــزم یان کەونارەخوازی بزانین. پل دمان دەڵێ: ئەی شتەکان من خۆم پێشکەشی ئێوە دەکەم.

بەرەوپێشـــچوونی زانســـت بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەفســـانە نەمێنێ، جیهان بەرەو پانتاییەکی ویشکی زانستی بچێتە پێش.

لێرەدا شـــاعیر ئەرکی زیندوو راگرتنی ئەفسانە لە ئەســـتۆی خۆی دەگری (ئەفســـانەکان لەناو مێژوودا دەرۆنە پێشێ) شـــاعیر دێتە مەیدانی ئەبەدییەتەوە، چونکە ئوستوورەسازەو دەتوانێ ئەخەیول‌و ئیماژسازی بکاو جیهانێکی تازە بەرهەمدێنـــی‌و بە وتەی (کامۆ) بەرەنگاری جەبری چارەنووس دەبێتەوە.

دەزانین زمانی ئاسایی تاقەتی دەربرینی نهێنییەکانی روحی نییەو ئەگـــەر ئەو نهێنییانە بەشـــێوەی زمانی

ئاسایی دەربڕدرێن دەبێتە بەرهەمێکی ئاسایی و خۆی لە دەقێکی هونەری دوور دەکاتەوە، جا کە وابوو زمانی شاعیری وێنەساز باشترین زمانە بۆ دەربڕینی هەستی شاعیرو یارمەتیی دەدا هەتا وزەیەکی باشتری بێ بۆ ناسینی جیهانێکی جیاواز، کە تەنیا هی خودی شاعیرە. ئەگەر ئەم وێنانە رەهەندی عاتفییان هەبێ دەتوانن بە دڵاواییەکی زیاترەوە لەگەڵ خوێنەر پێوەندی بگرن.

لە خوێندنەوەی بابەتی وێنەدا دەبێ لە دوو خاڵدا سەرەنجی پێ بدرێ:

رەهەندی ئاسۆیی: لەدرێژایی میسراعەکاندا کە دەبێتە هۆی وەدیهاتنی جۆرەکانی مەجازو وێچواندن و خوازە..

رەهەندی ئەستوونی: ئەو ئیماژانەی کە لەتەواوی دەقدا بڵاوبوونەوە پێکەوە دەلکێنێ. نەزمو رێکوپێکیی تایبەت دەبەخشێ بەشیعرو لەتەوەرەکانی باس لەشێوازدا گرینگییەکی زۆری هەیە.

**کەسایەتیدان:**

لە وردبوونەوە لەسەر شیعرەکانی سولەیمان-دا دەبینین کەسایەتیدان بەدیاردەکانی سروشت بەرچاوترین هۆکارە، کە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شیعرەکان.

**تۆ/ کە باران/ بۆ ئەوینمان سۆژدە ئەبات/ چی ئەڵێیت/ کە هێندە خودا/ توورە دەکات.**

هەروەکو لەپێشدا باسمان کرد، شاعیر وەك مرۆڤی کەونارا خەریکە ئوستوورە دروست دەکا بەگیانبەخشین بەشتەکانداو کەسایەتیدان بەبوونەوەران خۆی بەمیراتگری وان دەزانێ.

***لێکچوواندن (تشبیە):**

دیتنەوەی خاڵی هاوبەشی نێوان دوو دیاردە لەرێگای هەستێکی تاکەوە بەتایبەت دیتن لەئەدەبیاتی شیعری ئێمەدا تا ئەورۆ رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، بەڵام لەشیعرەکانی سیابەختدا زۆر کەم وەبەرچاو دەکەوێ، ئەگەر هەشبێ لە وێکهاتووترین شێوەی خۆیدا، واتە ئیزافەی تەشبیهی.

**شا/ کەنین/ کەمو چەند تەمەنی؟/ چەندە مەزن و../ زەریای فرمێسك../ شا!!/ گرین..**

ئەم لادانە لە رێسای تایبەتیی شیعر بەگشتی بۆتە هۆی دەربازبوونێك لە رێسا، کە بەبڕوای من نزیکترین تەشەخوسێکە، کە شێعری ئەو شاعیرە لەشاعیرانی تر جودا دەکاتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە دیوانی یەکەمیدا زۆر تەشبیهی وشك و پەیتا پەیتای تێدا ئاخندرابوو.

**چاوەکانت کیژی بەیان/ قژی ناسکی شۆڕەبی پرچەکانت/ ل٥**

**شەو سێدارەی مەرگ/ بەیان کۆچی ئەستێرە/ل٥ کتێبی تراژیدیای بێ کۆتایی**

**٣.خوازە (استعارە):**

خوازە وێنەیەکە، کە لەسەر بناغەی تەشبیە دامەزراوە. بەم جیاوازییە کە تەنیا لە یەنێکی تەشبیە دێتە گۆڕێ، کە ئەویش (مشبە)، بە بڕوای من ئەم بەشە لە ئیماژە ئەگەر بەباشی بێتە کایەوە دەتوانێ باشترین شیعر بخوڵقێنێ، خوازە ئیلهامێکی تێدایە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر خۆی زیاتر پێوە ماندوو بکات و دوای کەشفی پێوەندییەکە دەبێتە هۆی چێژو بەهرەیەکی زیاتر.

**چی دەزانن/ تامی خەوتن/ یەکبوون/ ژیان/ ئەم زوڵە وشانەی/ دایکیشیان/ بەدزی خەوت لای باوکیان.**

ئێمە دەزانین، کە ئیستیعارە لە نادیارترین و موبهەمتریم شێوەی خۆیدا گەڕوانێکی هەیە بۆ لای سەمبول یان رەمز بەمانا بەرفراوانەکەی خۆیەوە لەسیمبولدا دالێك بە مەدلولێکی جیاواز لەخۆی دەلالەت دەکاو زەین بۆ گەیشتن بەو مەدلولە دەبێ هەوڵێکی زیاتر بدا.

ئاشکرایە بۆ بەرهەمهێنانی وەها رەمزو نمادیك پێویستی بە فەزایەکە، کە لەودا گێرانەوەیەك رووبدا، بەڵام بەهۆی وەسفی بوونی ئەدەبیاتی کوردی ئەو گێرانەوانە کەمن و ناتوانن شوناسێك لەسەر مرۆڤی کورد بدەنە دەست. رەوایەتێك بێ لەژینگەو دەوروبەری شاعیر لەلایەکی ترەوە، چونکە شیعری سولەیمان لەسەر خودێکی کۆمەڵایەتی ساغ بۆتەوە! شاعیر دەبێ هەوڵبدا زمانێکی هەبێ لەباری ئاسۆییەوە وەسف بکاو لەبواری ستوونییەوە رەوایەتێك بێ لەژیانی مرۆڤی کوردەواری.

**کێش (وەزن):**

بەگشتی هەر شتێك کە بتوانێ شیعر لەزمانی رۆژانە دوورخاتەوە جۆرێك ریتم لەشیعردا بەدی بێنێ و دەخرێتە نێو چوارچێوەی مۆسیقیی شیعرەوە. لەیەك بەدوای یەکدا هاتنی وشەکان بەشێوەیەکی ئاهەنگین ئەم تایبەتمەندییەی شیعر لەگەڵ مۆسیقادا هاوبەشە،

بەشێوەیەکە مۆسیقاش ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ناخودئاگاهی مرۆڤ هەیە، بۆیە زۆربەی خەڵکی ئێمە شیعرێك بەشیعر دەزانن کە لەسەر وەزنێکی خۆش دامەزرابێت.

مۆسیقایەك کە لەسروشتدا گەڕیانی هەیە بریتییە لە جۆری دەنگەکان، زمانیش هەر ئەو بەرژەوەندییەی هەیە، بەو جیاوازیەی کە مۆسیقا لەسروشتدا تەئویل ناکرێ، بەڵام مۆسیقی لەشیعرو سەمفۆنیاکاندا تەفسیر دەکرێ. لەمۆسیقیدا بۆ بەخشینی هەر هەستێکی تایبەت لەهەڵبژاردنی پاژەکان و نۆتەکاندا وردەکارییەکی زۆر دەکرێ، لەشیعریشدا دەبێ باری مۆسیقایی هەر وشەیەك بزاندرێ هەڵبژێردرێن و هاونشین بکرێن.

لەشیعرەکانی سیابەختدا چەند تایبەتمەندی دەبیندرێ، کە بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی مۆسیقایی.

شاعیر بە پاشوپێشکردنی وشەکان لە ڕستەدا هەوڵی داوە وەزنێکی تایبەت بخولقێنێ بەجیاوازی لەگەڵ تراژیدیای بێ کۆتاییدا، کە بەرهەمی ڕەوتی ئاسایی شیعر نەبوون، هەست دەکرێ شاعیر بەشێوەیەکی دەستکرد ئەم کارەی کردبێ.

**جگەرە ئای!!/ هەڵیان پێچای دەستەکانم/ نەبووم خۆم کە/ لێیان دای مژ/ لێوەکانم..**

بەڵام لەدەفتەری (درۆکانیش ڕاستەقینەبوون)دا شاعیر بەهۆی ئەزموونێك کە بوویەتی توانیویەتی ریتمێکی باش بەرهەم بێنێ، کە بەلای منەوە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری سولەیمانە.

**دەکەن/ ماچ و/ چەندە/ ئای گۆنای زەوین/ ئەو پەڕەسێلکە زامدارانەی/ هەڵی گرتوون/ یادی ئەوین**
**تینوە هێندە/ کایەی پێ داکا/ بۆیە/ با/ گەڵا!!**

بەهۆی کورتبوونی میسراعەکان و دابەشکردنی ڕستەیەك لەچەند میسراعدا زەرباهەنگێکی تایبەت دراوە بەو شیعرانە، کە هێندێك زیادەکاریشیان تێدایە، بەتایبەت لەدەفتەری یەکەمدا. بەڵام لەدەفتەری دووهەمدا ئەم زیادەکارییە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شیعرەکان.

**چەندە/ ئای سەفەر/ لەمن رابوو/ هاتمەوە خۆت/ هاتمەوە خۆ/ ماندوو نەبینیت نەکردم/ ئاخە بۆ؟**

شیعرێك کە کێش و سەروای نییە دەبێ لەنووسیندا تایبەتمەندیی خۆی هەبێ. (کێش و سەروا دەبنە هۆی نیزامدزربووونی شیعر)و دالێك بێ لەسەرگەڕیانی شیعرە، کە وشەکە هاتە سەر لاپەڕە ئیدی بەتایبەت لەم جۆرە شیعرە دا تەنیا نیشانەیەکی سەمبولیك نییەو نیشانەیەکی ilonic یان ڕۆخسار ئاسایە، تایبەتمەندیی ئەمجۆرە نیشانەیە ئەوەیە کە بەشێکی دەرەوەی دەلالەت ناکا جگە لە ماناو وێکچوونی دال و مەدلول، وەکو هونەری نیگارکێشان! شیعر لەئاستی بەرزدا ئەم تایبەتمەندییە دێنێتە گۆرێ.

**دەتەوێت؟../ بباریێ..!/ چەندە هەور بووی؟؟!/ ئاخر!**

لایەنێکی تری وەزن لەشیعردا دەگەڕێتەوە سەر هاونشینی وشە، کە مۆسیقای مەعنەویی پێ دەڵێن: لەڕوانگەی زانایانی بەدیعەوە ئەویش جۆرەکانی مەجازە وەکو (تضادو مراعات النظیر..) کە لایەنی مۆسیقایی شیعرەکە لەبواری ماناوە دەبەنە سەری، کە لەهەموو شیعرەکاندا ئەمانە دەبینین.

**دڵتەنگ؟/ چەندە ئاخر؟؟؟!/ بۆ سووتانی ڕۆژی شەم و/ ژینی مەسیحایی../ ئاگر!!!..**

مۆسیقا لەشیعردا دەبێ یارمەتیی گواستنەوەی مانا بکات، دەنا شتێکی بێکەڵك دەبێت. شاعیر دەبێ تەواو زەرفییەتی زەمان بناسێ و لە وشەکان نەك وەك ئەمراز بەڵکو وەکو (شت) کەڵك وەرگرێ، ئێستا کە لەشیعری کلاسیك دوورکەوتووینەوە هیوادارم شیعرێك بەرهەم بێ و خاوەنی چەند قوتابخانەی شیعری بین.

شیعری سیایەخت خاوەنی زۆر تایبەتمەندیی دیکەشە، کە بەهۆی کەمبوونی کات، هەروەها ژمارەی شیعرەکان ناتوانم رای قەتعی دەربڕم.


ژێدەر:

*سفر در مه — تقی پور نامداریان
*موسیقی شعر — شفیعی کدکنی
*مشکل شاملو در شعر — محمود نیکبخت
*ادوار شعر فارسی — شفیعی کدکنی
*گلا در مس — رچا براهنی
*ساختار وتائویل متن — بابك احمدی
*نقد ادبی — سیروس شمیسا
*انسان و سمبلهایش — کارل گوستا یۆنگ
*ادبیات چیست — ژان پل سارتر